# ژیان وسەردەمی زێڕین ی عومەری کوڕی عەبدول عەزیز

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**فەرمان مەحمود**

پێداچونەوەی: **پشتیوان سابیر عەزیز**

2013 - 1434

IslamHouse.com

# سيرة عمر بن عبد العزيز شخصيته وعصره

« باللغة الكردية »

فرمان محمود

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# ژیان وسەردەمی زێڕین ی عومەری كوڕی عەبدول عەزیز

## مێژووی پێش جێ نشین:

ئەم سەركردەیە لە پاش خە لیفەی ئەمەوی (سلێمانی كوڕی عبدول المليك) بوو بە جێ نشین،واتە هەشتەمین خەلیفەی ئەمەوی بووە لە پاش هەریەك لەخەلیفەكان (معاویەی كوری ئەبو سوفیان، یزیدی كوری معاویە وە معاویەی كوڕی یەزیدو عبدول مەلیكی كوڕی مەڕوان ووەلیدی كوڕی عبدولمەلیك لەپاشدا سلیمانی كوڕی عبدول مەلیك وەلەپاشدا ئەم پێشەوایە هاتە دەستە ڵات، (عومەری كوڕی عەبدول عزیزی كوڕی مەروان) ئامۆزای (سلێمان)و برازای (عبدول مەلیك) دەكات ،بون بە جێ نشینی (عومەر) بە نسبەت كوڕەكانی ( عە بدول مەلیك) ەوەشتێكی چاوەڕوان نەكراو بوو،(عومەر) لە سەردەمی (سلیمان) دا وەزیر بوە.

ئیبن سیرین دەڵێت: ڕەحمەتی خودا لە (سلێمان) بێت بە زیندوو كردنەوەی نوێژەكان لە كاتی خۆیدا دەستی بەخەلافەت كردو،وە كۆتای ژیانی هێنا بە دانانی خەلیفە (عومە ر) بە جێ نشینی.

(عبد الرحمن كوری حسن الكنانی) دەڵێت: (سلێمان كاتێك نە خۆش كەوت بە (رجائی كوڕی حیوە)ی ووتوە ئایە ئەم

خەلافەتە بدەین بەکێ دوای من؟ ئایە کوڕەکەم بکەم؟ (رجاْ )
ووتی: کوڕەکەت لێرە نی یە، (سلیمان) وتی ئەی کوڕە کەی ترم
؟(رجاْ) ووتی مندالە،سلیمان وتی تۆ دەڵێی چی ؟وتی (عومەری
کوری عبدول عەزیز) بکە بە جێگر (سلێمان) ووتی: ئەترسم
براکەم ڕازی نەبێت لە پاشدا(رجاْ) پێی ووت: عومەر بکە دوای
ئەو بیدە بە (یزیدی کوڕی عبدول مەلیك)،(رجاْ) دەڵێت لە پاش
گەڕانەوەم گەشتم بە هەریەك لە (هشام) ی کوڕی عەبدول
مەلیك وە لەپاش ئەویش گەشتم بە عومەری کوری عبدول
عەزیز) دەڵێت عومەر پێی ووتم ئەی (رجاْ) من شتێکی گەورە
چۆتە ناو دڵم لەو پیاوە مەبەستی لە (سلێمان)ە ( ئە ترسم
ئەو کارو بارەی سپاردبێ بە من ،وە من نەتوانم هەستم
پێی،پێم بڵێ ئەگەروایە تا هەناسەیەك ماوە لە ژیانم دا
باڕاکەم و خۆم لەم بەرپرسیارێتە ڕزگار بکەم ) (رجاْ) دەڵێ:
ووتم پاك و بێگەردی بۆ خودا، ئەمیری مسوڵمان کارێکی لای من
شاردۆتەوە ( مەبەستی لە وەسیەتەکەیە) من چۆن دەبێت
ئاشکرای بکەم. پاش ئەوەی (سلیمان) مرد لە ساڵی (٩٩) کۆچی
دا لە ١٠ ی سەفەری ڕۆژی هەینی، نووسراوەکەیان کردەوە
تێیدا نوسرابوو ئەم جێنشینە بۆ عومەری کوڕی عبدولعەزیز.
هەموو کوڕانی (عبدول مەلیك) دەم و چاویان تێك چوو ، بەڵام
گوێیان لێ بوو وترابو پاشان بۆ(یزیدی کوڕی عبدول مەلیك) لە
پاشدا هاتن بۆ لای (عومەر) خەلافەتی تەسلیم کرا، لە پاشدا
عومەر نەیتوانی هەڵسێتەوە هەتا دوو کەس چونە ژێر باڵیان

وبردیانەوە سەر وتارگەکە و دانیشت و زۆر قسەی نەکرد،(رجاْ) بە خەڵکەکەی ووت بۆ هەڵناسن بەیعەت بدەن بە ئەمیری بڕواداران ،بەیعەتیان پێدا، ئەویش دەستی درێژ کردو هەڵساو سوپاس وستایشی پەروەردگاری کرد، ووتی: ئەی خەڵکینا من دادوەر نیم بەڵام جێ بە جێکەری فەرمانم،من دا هێنەرنیم بەڵام شوێن کەوتەم ئەگەر ئەو هەموو وڵاتانە بەگوێیان کردم ئەوە من والیتانم ،ئەگەرنا ئەوا من والی نیم، پاشان دابەزی و هەڵگری تەختە سوارەکان لێی نزیك بونەوە و هاتن بۆلای عومەر ،عومەر وتی ئەمە چیە؟ ووتیان ئەوە جێگە سواربوونی خەلیفەیە،ووتی من پێویستم پێی نیە وڵاخەکەی خۆمم بدەنێ وە گەڕایەوە بۆماڵەوە،لە پاشدا نووسراوی نووسی بۆهەموو کارگوزارەکان.

(ئەو ناودارانەی لە سەردەمی (سلێمان)دا مردون ئەمانەن :حەسەن کوڕی حسێن کوڕی علی کوڕی ئەبی تالیب،قیس کوڕی حازم،عبدالرحمانی کوڕی ئەسوەدی نەخەفی.هی تر.

**سەرەتای ژیانی:**

ئەو یەکێکە لە باشترین سەرکردەو پێشەواکانی سەردەمی خەلافەتی (ئە مەوی)و، نمونەی سەرکردەو پێشەوای دادوەرە لە مێژوی ئیسلام و مرۆڤایەتی دا،لە لایەن هەندێك مێژوونوس و پیاو چاکانەوە بە پێنجەمین خەلیفەی ڕاشیدین ئەژمار

دەکرێت دوای چوار هاوەڵەکە،باوکی حەفێ بووە(سوفیانی سەوری) دەڵێ:خەلیفە پێنجن ئەبو بکر و عومەرو عوسمان و عەلی و عومەری کوڕی عەبدول عەزیز)

ئەبوداود لە (سنن) دا هێناویەتی دەفەرموێت(عومەر لە (حلوان) لە دایك بووە،شارێکە لە میسر باوکی لەوێ ئەمیر بووە لە ساڵی ٦١ ی کۆچی یان ٦٣ ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی(٧١٧ بو ٧٢٠ ی زاینی ، لە دایك بووە، دایکی ناوی (عاێم) بووە کە لە کوڕێکی عومەری کوڕی خەتتاب) بووە (رە زای خودای لەسەربێت. دەگێرنەوە (عاێم) بەدەموچاویە وەشکاویەك هەبوە کە ولاخ لێی دابوو بە منداڵی،باوکی(عاێم) واتە کوڕە کەی عومەری کوڕی خەتاب خوێنەکەی کچەکەی دە سڕی،پێی وتوە ئەگەر تۆشکاوەکەی (بنی ئومیە بیت واتە ئەمەوی بیت ئەوە خۆش بەخت دەبیت،

عومەری کوڕی خەتتاب) ڕەزای خودای لێ بێت فەرموویەتی: لە منداڵانی من پیاوێك دەبێت دەمو چاوی شکاندنێکی تێدایە،هەموو زەوی پردەکات لە دادوەری،ترمزی لە مێژوەکەیدا باسی دەکات دەڵێت گومانەکانی باوانی ڕاست دەرچوو.

ئەو قورئانی هەر بەمنداڵی کۆکردۆتەوە باوکی ناردویەتی بۆ (مەدینە) تافێری ئەدەب و ڕەوشت بێت پاش مردنی باوکی خۆی، (عە بدول مەلیك) داوای کرد بێت بۆ دیمەشق،وە کچە

کەی خۆی پێدا کە ناوی (فاتیمە) بوو،ئەو پێش خەلافەتی چاکە خوازبوە بەڵام زیادە ڕۆی لە بوارەکاندا دەکرد وەك خۆراك و پۆشاك.تەنها دەتوانرا لەو ڕووەوە عەیبی لێ بگیرێت.

(مزات کوڕی سائیب) دەڵێ عومەر ووتی بە (فاتمە) ی خێزانی:کە هەموو ئەو ئالتون و زیوانەی پێوەیەتی بیگەڕێنێتەوە بۆ خانەی دارای مسوڵمانان(بیت المال) وە گەرنا من و تۆو ئەو ئاڵتونانە لە یەکماندا نامانگرێتەوە،یان من یان ئاڵتون و زیوەکان،فاتمە ووتی:نا من تەنها تۆم دەوێ،فەرمانی دا هەموویان بردەوە بۆ (بیت المال) پاش مردنی عومەر کە (یزید بوو بە خەلیفە ووتی:ئەگەر ئەتەوێ ئەیگەڕێنمەوە بۆت لە خانەی دارایی؟ فاتمە وتی: نا سوێند بە خوا نامەوێت،چونکە من لە ژیانی عومەردا خۆشیم لێی نەدی بادوای عومەریش لێی نەبینم.

## هەندێك لەوتەی زانایان و پیاوانی سەردەمی خۆی کە باس لە چاکی و دادوەری (عومەر) دەکەن:

(ئیبراهیم السکونی) دەڵێ: عومەر ووتی: درۆم نەکردووە لەو ڕۆژەی کە زانیومە درۆ ڕەشیە بەسەر خاوەنەکەیەوە.

(وهب كوڕی منبه) دەڵێ: ئەگەر لەم گەل و سەردەمەدا دا(مهدی) هەبێ (عومەری كوڕی عبدالعزیز)ە.

پرسیاركرا لە (محمدی كوڕی عە لی كوڕی حسین) لە بارەی عومەرەوە،فەرمووی ئەو پیاو چاكی نەوەكانی (بنی ئومیە)یە لە ڕۆژی دوایی دا خۆی تەنها گەلێكە.

لە (حماد)ەوە دەیگێڕنەوە دەڵێت:عومەر كاتێك بوو بە خەلیفە گریاو وتی:ئەی باوكی فلان ئەترسم لەسەرم ؟حماد ووتی: خۆشەویستیت بۆ پارە چۆنە؟عومەر فەرمووی خۆشم ناوێت ،وتی دەی مەترسە خوای گەورە یارمە تیت دەدات.

(عبد العزیزی كوڕی عومەری كوڕی عەبدالعزیز)دە ڵێ: (ئەبو جەعفەری منێور) پێی ووتم: پارەو موڵكی باوكت چۆن بوو كاتێ بوو بە خەلیفە؟ ووتم چل هەزار دینار؟ووتی ئەی كاتێ كۆچی كرد؟ ووتم : چوار سەد دینار، وە ئەگەر بمایایەتەوە لە ژیان لەوەش كەمتری دەكرد.

(ئەبو ئومیە خەسی) كە خزمەتكاری عومەر بووە دەڵێ:چومە لای خێزانی عومەر ڕۆژێك،كە هەموو ڕۆژێك نیسكی دەداینێ ووتم پێی:بۆ هەموو ڕۆژێك نیسك بخۆین؟ووتی ئەوە خواردنی گەورەت ئەمیری باوەڕدارانیشە.

(مسلمەی کوڕی عبداللە) دەڵێ: چومە لای عومەر کاتێ کە نەخۆش بوو لە سەر جێگە،وە جلێکی چڵکنی لەبەر دابوو،ووتم بە فاتیمەی خێزانی ئەوە بۆ کراسەکەی بۆ ناشۆی؟ووتی سوێند بەخوا تەنها ئەو کراسەی هەیە.

(عون کوڕی معومەر ) دەڵێ: عومەر چوو بۆ لای خێزانی پێی ووت: ئەوە درهەمێکت لا نیە بیدەیت بە ترێ؟ خێزانی ووتی: نهخێر. ووتی :باشە تۆ گەورەی باوەڕ دارانیت ناتوانیت درهەمێك بدەیت بە ترێ؟ووتی ئەوە ئاسنترە لە کۆت وزنجیری بەیانیانی جەهەنەم.

(عومەری کوڕی ئەسید) دەڵێ: سوێند بە خوا عومەر نەمرد هەتا پیاو ئەهات بەسەروەتێکی زۆرەوە پارەی دەدانێ و ئەیووت: ئەرێ بزانن هەژار ماوە پێی بدەن عومەر هەموو کە سیبکی دەوڵەمەند کردبوو.

(ئەزهر)دەڵێ: عومەرم بینی ووتاری دەدا بۆ خە ڵك کراسێکی پینەکراوی لە بەردا بوو.

(مکحول دەڵێ: ئە گە ر سوێند بخۆم ڕاست دەکەم کەسم نەدیوە وەك عومەر دونیانەویست و لە خواترس بێت.

(عەتا ) دەڵێ: شەوانە عومەر قوتابیەکانی کۆدەکردەوەو باسی یادی مردن و ڕۆژی دوایی دەکرد،پاشان دەگریا،هەروەك لە بەردەمیا مردویەك هەبێ.

(حکم کوڕی عومەر ) دەڵێ: بۆخەلیفە ٣٠٠ پاسەوان و٣٠٠ شورتە هەبووە، عومەر ووتی بەپاسەوانەکان من ئەم بژێویەم پێ نادرێت،هەرکەس دەمێنێتەوە١٠ دیناری دەدەینێ،وە هەرکەس نایەوێت بابڕواتەوە ماڵەوە.ئایە ئێوە دەبنە ڕێگری قەدەرم و پاسەوانی ئەجەلم.

(عومەری کوڕی مهاجر) دەڵێ: عومەر مۆمێکی دادەگیرسان هی دەوڵە ت،هەتا پێداویستیەکی مسولمان مابوو،کاری پێدەکرد،کە کاریان نەمایە دەیکوژاندەوەو مۆمەکەی خۆی دادە گیرساند.

(حسن القێاب) دەڵێ: دەمبینی کە گورگ و مەڕ پێکەوە بوون لە لادێ لە سەردەمی (عومەری کوڕی عەبدول عزیزدا)ووتم پاك و بێ گەردی بۆ خودا چۆن زیانیان پێ ناگەیەنێ شوانەکە ووتی: کاتێ کە سەر چاك بوو ئەوا جەستە زیانی پێ ناگات.

(مالیکی کوڕی دینار) دەڵێ: کاتێ عومەر بوو بە جێنشین،شوانەکان دەیان ووت: ئەوە کێ بووە بە خەلیفە ی خەڵك؟ کە هۆکاری داد وەریەکەی ناهێڵێت گورگ مەڕەکان بخوات.

(موسی کوڕی ئەعین) دەڵێ :ئێمە لە( کرمان) لە سەردەمی خەلافەتی عومەردا مەڕو بزنمانی دەلە وەڕاند گورگ لە گەڵیان بوو لەیەك جێگادا، بەڵام لەپڕ شەوێك مەڕێکی فڕاند، ووتم ئەبێ ئەو پیاوە چاکە نەمابێت وا گورگ مەڕدە خوات، پاشان بۆمان دەرکەوت ئەو شەوە بوو کە عومەر مردوە.

**کۆتای ژیان و وەفاتی :**

عومەر وەفاتی کرد لە (دیر سیمعان) لە کارگوزاری (حمس) لە ٢٠ ی ڕەجەبی ساڵی (١٠١ ی کۆچی) لە تەمەنی ٣٩ ساڵی و ٦ مانگ،واتە بەلاوی مردوە، مەرگی بە ژەهر بووە،

(میمونی کوڕی سهران دەڵێت: زاناکان لەگەڵ عومەردا وەك قوتابی بون، لە ساڵی ٩٩ ی کۆچی بەیعە تی پێدراو ماوەی دەستەلاتی (دووساڵ و پێنج مانگ) بوو وەك ئەبو بەکر خوا لێی ڕازی بێت.

(مجاهد) دەڵێ: عومەر کە لەجێگادابوو پێی وتم خەڵکی لە بارەی منەوە چی دەڵێن، وتم: دەڵێن سیحری لێ کراوە، وتی من سیحرم لێ نەکراوە بەڵام دەزانم خواردنەوەیەکم پێ دراوە، ئینجا خزمەت گوزرەکەی بانگ کردوو وتی: ئەی تیاچوو، چی وای لێ کردیت کە زەهر بکەیتە ناو خواردنەکەمەوە؟،وتی: هەزار دینارەکە کە دەم دەنێ و پاشان ئازادم دەکە ن، پاشان

عومەر هەزار دینارەکەی دۆزیەوە وخستیە خانەی دارایی باوەڕداران و وتی برۆ بۆ جێگایەك کەس نەت بینێ.

(عبید کوڕی حسان) دەڵێ: کاتێ عومەر کەوتە سەرە مەرگ وتی برۆنە دەرەوە لام (مسلمەو فاتیمە) لە سەرلای دەرگاکە دانیشتن و گوێیان لێ بوو دەیوت: مرحبا لەو دەم و چاوانە کە دەم و چاوی مرۆڤ و جنۆکە نین، پاشان وتی (تلك دار الآخرة) ئایەتی قێێ،پاشان بێدەنگ بوو کە چونە سەریان دیتیان گیانی سپاردوە.

(خلد ربیعی دەڵێ):ئێمە دیومانە لە (التورات)دا کە ئاسمانەکان و زەوی دەگرین بۆ(عمربن عبد العزیز) چل بەیانی.

لە سەردەمی (عمر بن عبدالعزیز) دا ئەم ناودارانە مردون: ئەبو ئومامە،سعد کوڕی سهل کوڕی حنیف،خارجە کوڕی زەیدی کوڕی سابت،سالم کوڕی ئەبی جعد،ئەبو عوسمان نهدی،وشهر کوڕی حوشب شامی،حنش کوڕی عبداللە عیسای کوڕی تە لحەی کوڕی عبداللەی قوڕەیشی.کە یەکێك بوە لە پیاوە زاناو گەورەکانی قوڕەیش.

لە پاش (عومەر ) دەستەڵات چوە دەستی (یەزیدی کوڕی عەبدول مەلیك،لە سەر پەیمانی (سولەیمان) ی برای،(عومەر) نووسی بۆ یەزید لە کاتی سەرەمەرگدا پێی وت سەلامت لە

سەربێ ..تاکۆتای پێی وت  تۆ وادە بینم وەك منی واتە تۆش وەك من زودە مریت. خودا بەسە بۆ گەلی محمد(درودی خودای لێ بێت) تۆش دونیا جێ دەهێڵی بۆ کەسێ کە سوپاست ناکات.لە پاش خۆی چل ڕۆژ بە شێوەی ژیانی عومەر چوو پاشان دای بەلادا،لەپاشدا هشامی کوڕی عەبدول مە لیك دەستەڵاتی گرتە دەست.

**سەرچاوە:** کتێبی مێژووی خەلیفەکانی ئیسلام ـ ڕاشیدین ـ ئەمەوی ـ عەباسی: نوسینی ـ ئیمام جەلالەدینی سیوتی، وەرگێرانی بۆ زمانی کوردی: نێردین عبدالرحمن قادرـ ساڵی ٢٠١٠ (لا١٥٠ بۆ ١٦٣)